# چیرۆکنوس گوڵزار جەلال "منداڵانی زیندانی دەرونی دەهەژێنن"

گوڵزار جەلالی نوسەر سالانێکە بێجگە لە شیعر، چیرۆکیش بۆ منداڵان دەنوسێت، زۆربەیان لە گۆڤاری پەپولە بلاوکراونەتەوە.

ئەگەر چی نوسین بۆ منداڵ کارێکی ئاسان نیە، بەلام وەك خۆی باسی دەکات خۆشەویستی بۆ منداڵو ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی بەرائەتی ئەواندا پاڵنەرێك بوە بۆ نزیك بونەوە لە هەستو نەستی منداڵ لە ڕێگەی، چیرۆك، بەجۆرێك تایبەتمەندێتی خۆی لەو بوارەدا دۆزیوەتەوە.

نوسەر لەدایکبوی گەڕەکی گۆیژەیە لە سلێمانی. لەسەرەتای هەرزەکاریدا خولیای نوسینی تێدا دەردەکەوێتو نمە دەکات، لەناوەراستی هەشتاکاندا بەهۆی براکانیەوە کە ئەو دەمە پێشمەرگە بوون گوڵزار زیندانی دەکرێتو تاڵی ئەو ڕۆژگارە ڕەنگدانەوەیەکی زەقی لە نوسینەکانیدا دەبێت.

ئەگەر چی منداڵانی نێو زیندانەکە بەجارێك دەرونی دەهەژێنن وەك دەڵێت" منداڵانی زیندانی بوون کە لە چاوەکانیاندا ترسو لە جەستەیاندا برسیەتی دیار بوو، لە برساندا چمکی بەتانیەکانیان دەخوارد".

یادەوەری ئەو منداڵانەی کە بەهۆی دایکەکانیانەوە بەند کرابوون لە ئەندیشەی ئەودا ڕەگی داکوتیوە بۆیە، هەڵوەستەیەکی کردو بێتاقەتی بە سیمایەوە دەرکەوتو وتی" ئەوەی هەمیشە زامەکانم دەکولێنێتەوە، ئەو دوو منداڵە بوون کە بەزۆر لە دایکەکانیان دابڕین، لەبەر ئەوەی دایکەکانیان زۆر جوان بوون".

ئەم یادەوەریانە لەهزری گوڵزاردا نرخێکی مەعنەوی تایبەتی خۆی هەیە " یادەوەریەکانی سەردەمی زیندانیم هەمویم پاراستوە، هەمویشی ڕووداوی ڕاستەقینەنو شایەنی ئەوەن بکرێنە دراما بۆ ئەو کەسانەی بە گومانەوە دەڕواننە دڕندەی ڕژێمی بەعس".

نوسەر بێجگە لەخوێندنەوە پشت بە کلتور دەبەستێت لە نوسینەکانیداو پێ ی وایە کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر کەلتورێکی زارەکی دەوڵەمەندی هەیە، نەوە دوای نەوە گواستویەتیەوە ئەگەر چی خەریکە ئەو کەلتورە کاڵ دەبێتەوە بۆیە هەوڵی داوە تەواوی چیرۆکەکانی پشت بە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ئەو ژنانە ببەستێت کە بەشێوەیەکی، زارەکی گواستراوەتەوە.

ئەو سیما جوانەکانی ئەو چیرۆکانە لە ڕۆڵ بینینی ئاژەڵەکاندا دەبینێت

کە لەگەڵ منداڵدا گفتوگۆ دەکەن بە جۆرێك زیاتر سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت بۆ ئەو چیرۆکانە.



گوڵزار لە ئەزمونی نوسینی بۆ منداڵ ئەو ڕاستیە بەرجەستە دەکاتو دەڵێت" منداڵ بونەوەرێکی هەستیارە پێویستە لێیان بگەین، بە هیچ جۆرێك سوکایەتی بە هەستیان نەکەین چونکە وەکو گەورە بریندار دەبن".

# دەست پێشخەری

جاران ئەو ڕۆژەی باوکێك کچەکەی شووی دەکردو ئەگوازرایەوە، ئەو ماڵی بەجێ دەهێشتو خۆی ون دەکرد، بەلام لەم نیو سەدەیەی ڕابردودا بارودۆخ گۆڕا، باوك سەرپەرشتی گەلێ لەو کارانەی دەکات کە پێویستە لە گواستنەوەی کچەکەیدا بکرێ‌و زۆریش هەن لەوانەی چی بۆ کورەکەی دەکات ئاواش بۆ کچەکەی دەکات لەبوکێنیدا.

بەڵام ئەوەی لەم ماوەیەی ڕابردوودا بیستم برای ئازیزم کاك مەلا یاسین کردی دەست پێشخەرییەك بوو کە دەبێن بکرێتە سەر مەشق، ئەوە بوو کە خۆی دەستی کچەکەی گرتو بەشادییەوە پێشکەش بە زاواکەی کردو پێشی گوت، ئیتر ئەم کچەم لە خۆمەوە سپاردوە، هیوای ژیانێکی پڕ لەبەختیاری‌و دووا ڕۆژێکی پرشنگدارتان بۆ دەخوازم، خۆزگە ئەمە دەبو بە نەریتێك بۆ زیاتر یابەخدان بە ژن لێرەدا هەر ئەوەندەم لەدەست دێت بڵێم دەست خۆش کاك مەلا یاسین هیوام وایە نمونەت زیاد بێت.

**ڕووناک ڕەئوف**

# ژنانی شێوەکار لە پێشانگایەکی هاوبەشدا

بەمەبەستی دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی هونەری تایبەت بە ژنانو نزیکبونەوەی بیرو بۆچۆنەکانیان، شەش شێوەکاری ژن پێشانگایەکی هاوبەشیان ڕێکخست.

پێشانگاکە شەش شێوەکاری لەخۆ گرتبوو، لەڕۆژی٢٠٠٧/٢/٢٦، لەگەلەری کوردستان لەهەولێرو بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری بەڕێوەچوو.

پەری کەوکەز، خوێندکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەچەند تابلۆیەك بەشداری کردووەو وتی" چەندین جاری تر بەشداری ئەم پێشانگا هاوبەشانەی ژنانم کردووە، تابلۆکانیشم زیاتر گوزارشت لە واقیعی گەلی کورد دەکەن".

کەوکەز وای دەبینێ ڕاستە هونەرمەندانی ژنان ئیش دەکەن بەڵام "تاکو ئێستا ژنانی هونەرمەند تەنها لاسایی دونیاو بۆچونی پیاوان دەکەنەوە".

**ئا/ ریڤان**

# ئاسەوار ناسان چاوێکی دەستکردی تەمەن ٤٨٠٠ دەدۆزنەوە

بۆ یەکەم جار لەشارە سوتاوەکەی سەر سنوری ئەفغانستانو ئێران، ئاسەوارناسان چاوێکی دەستکرد لە گۆڕێکدا دەدۆزنەوە.

لەپشکنینە سەرەتاییەکانی شوێنەوارناسانی ئیتاڵی‌و ئێرانیدا هاتوە چاوەکە، چاوی چەپی ژنێکی باڵابەرزو جەستە پڕە، مێژوویی دروست کردنی ئەم چاوە بۆ ٤٨٠٠ساڵ لەومەبەر دەگەڕێتەوە، پسپۆران گومانی ئەوە دەکەن چاوەکە لە قیری سروشتی‌و چەوری ئاژەڵ دروستکرابێتو ووردترین دەماریشی بە ئاڵتون دروستکراوە، هەروەها مەزندەی ئەوە دەکەن تەمەنی ژنەکە ٢٥-٣٠ساڵەو ڕەنگی ڕەشو سپیە واتە دوو ڕەگە بێجگە لە چاوەکە قاپێکی قوڕو کێسەیەکی چەرمو ئاوێنەکیش لە گۆڕەکەدا دۆزراوەتەوە.



# فیستیڤاڵێکی شیعر خوێندنەوە بۆ لاوانی کەرکوک

لەدرێژەی چالاکیەکانی خۆیداو لەپێناو بایەخدانی زیاتر، بەگەنجانی بەهرەمەند. سەنتەری ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی (شەهید سیروان تاڵەبانی) لە کەرکوك فیستیڤاڵێکی شیعری سازکرد.

"گرنگی دان بەبەهرەی لاوان، زامنی دوا ڕۆژێکی پرشنگدارە" دروشمی فیستیڤاڵە شیعریەکە بوو کە لە ٢٠٠٧/٢/٢٤و لە کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی شەهید سیروان تاڵەبانی بەڕێوەچو. تێدا ١٠کچ‌و کوڕ بە خوێندنەوەی شیعرەکانیان، ئامادەبوانی هۆڵەکەیان شیعر باران کرد.

بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی، لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەدا کە بڕیار وابوو فیستیڤاڵەکە سێ ڕۆژ بخایەنێت بێجگە لە شیعر، چیرۆك‌و گۆرانیش لە خۆبگرێت، بەڵام بارودخە ئەمنیەکەی شاری کەرکوك بۆ سەلامەتی بەشداربوان‌و مێوانانی فیستیڤاڵ، وای کرد بەیەك ڕۆژ کۆتایی بە فیستیڤاڵەکە بهێنن.

**ئەنوەر حەمە**

# ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان فیستیڤاڵی ساڵانەی ئامادە دەکات

ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، نوسینگەی سکرتاریەت سەرقاڵی خۆ ئامادە کردنە بۆ فیستیڤاڵی ساڵانەی چوارەم. کە بێجگە لە شیعرو چیرۆك، هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوەش لە خۆ دەگرێت. ئەحمەد فاتح بەرپرسی ڕاگەیاندن لە ڕێکخراوی ئازادی لاوان، ڕایگەیاند" فیستیڤاڵەکە لە ئایندەیەکی نزیکداو لە سێ ڕۆژ زیاتر ناخایێنێت، تاکو ئێستاش دیاری نەکراوە لەچ شارێك سازدەکرێت". ناوبراو وردەکاری زیاتری باس کرد کە بەباشیان زانیوە ئەو بابەتانەی بەشداری فیستیڤاڵ دەکات گەر جوان بوو ئەوە جگە لەدەست خۆشی، ڕەخنەش هەڵدەگرێت بۆیە بەجیاوازی ساڵانی پێشتر ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بەشی تازەی فیستیڤاڵەکەی ئەم ساڵە، هەروەها وتیشی"فیستیڤاڵەکە تایبەت نیە بەشارێك بەڵکو هەموو بەشەکانی کوردستان دەگرێتەوە".بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڕێکخراو جەختی کردەوە کە لیژنەی هەڵسەنگاندنی بابەتەکان بەجۆرێك دەست نیشان دەکرێن، بێجگە لە ڕێکخراوەکە کەس نازانێ کێن، تا ڕۆژی فیستیڤاڵەکە.

## نواڕێ

# کارمەندانی مەڵبەندی تەندروستی زمناکۆ ئێشکی خۆیان دەگرن

مەڵبەندی تەندروستی زمناکۆ لە هەڵەبجەی تازە یەکێکە لە مەڵبەندەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، ئەم مەڵبەندە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی خێرای بۆ دابین کراوە، بەشی منداڵ بوونی تێدایەو ماوەی سێ ساڵێکیش دەبێ شەوانەش دەوامی تێدا دەکرێتو بووە بەمەڵبەندێکی ئێشکگر، بەڵام زور بەداخەوە کارمەندانی ئەم مەڵبەندە وەکو پێویست کاری خۆیان ئەنجام نادەنو بەهانای خەڵکەوە نین، ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢/١٧ سەردانی ئەم مەڵبەندەم کرد دەرگای مەڵبەندەکە داخرابوو بانگی پولیسەکەمان کردوو دەرگاکەی کردەوە چوینە ژورەوە پزیشکی لێ نەبوو پێیان ووتین دانیشن تا دکتور دێتەوە منیش وتم مەڵبەندێکی ئێشکگرە چون بەبێ دکتور دەبێ؟! ووتیان ڕوشتۆتەوە بۆ ماڵەوە نان دەخوات کارمەندەکانی تریش لەژورێك دانیشتبون یەکێکیان خەوی لێکەوتبوو هەر لەم کاتەدا ژنێکیان هێنا کە لەکاتی منداڵ بوندا بوو کارمەندێکیان ووتی بیتاقەیە بومان دەرچوو لای بەن بیبەن بو سلێمانی بەشێوازێکی زور ناشرین کردیانە دەرەوە لەبری ئەوەی کە بە ئۆتۆمبێلی مەڵبەندەکە ڕەوانەی سلێمانی بکرێت بە ئۆتۆمبێلی خویان بردیان، یەکەمجاریش نیە ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەم مەڵبەندە ڕوبدات، چەندین جاری تر نەخوش براوە بۆ ئەم مەڵبەندە ئۆتۆمبێلی گواستەوە بەنزینی تێدا نەبووە بەکەسوکاری نەخوشەکەیان ووتووە بچن بەنزین بێنن.

هەمان شەو کارمەندێکم بینی بەجلی نوستنەوە لەدەوامدابوو بەمنی ووت کاکە خو ئێرە سلێمانی نیە، دکتور ئەڕواتەوە ئیسراحەت دەکات.

جامن نازانم حکومەت خەڵکی شارەزوری پشتگوێ خستووە یان کارمەندەکان بەئارەزوی خویان دەوام دەکەنو لێپرسینەوەیان نیە بۆیە داوا لەلایەنی بەرپرس دەکەم ئاوڕێك لەو مەڵبەندەو لەکارەکانیان بداتەوە.

**دانا حەمە ئەمین**